# شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر(Effect zone) بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری دەربەندیخان بۆ ساڵی: ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢١)

**فاتح اكرم علی[١]، بەیان حسین علی[٢]**
[١،٢] بەشی جوگرافیا،کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،شاری سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق
Corresponding author's e-mail: fatihakram302@gmail.com

**پوختە:**

خزمەتگوزاری فێرکاری یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی دانیشتوانی شار، چونکە خزمەتگوزارییەکە بەستراوەتەوە بە بە تواناکانی تاکە کەسەوە واتە بەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لەشاردا تواناکانی دانیشتوانەکەی لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە دەبوژێنێتەوە، هەروەها پێوەرێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە لەڕووی پێشکەوتنەوە، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بەشێوەیەکی هاوسەنگ و زیادکردنی ژمارەکەی لە شاری دەربەندیخاندا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ گەیشتنی (منداڵی باخچە و قوتابی و خوێندکار) بۆ شوێنی خزمەتگوزارییەکە، کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە ناهاوسەنگی لەدابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە و کەمی ژمارەی هەندێک لە دامەزراوە فێرکارییەکان لەشاری دەربەندیخان، ئەمەش وای کردووە ڕووبەری بێبەش لە پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری زۆر بێت، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکارییە لە شاری دەربەندیخان هەتا ببێتە بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی پشتێنەی کاریگەر بۆی و پاشان هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شارەکەدا بە پێی پێوەری دووری بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن تا بزانرێت سنوری ڕووبەری خزمەتکراو لە شارەکە چەندێکە چی بەشێکی شارەکە دەگرێتەوە و پاشان ئەو شوێنانەش کوێیەو ڕووبەریان چەندە کە خزمەتگوزارییەکە نایانگرێتەوە و لێی بێبەشن، لەم توێژینەوەدا بۆ گەیشتن بە ئامانج پشت بەستراوە بە ڕێبازی بەدواگەڕان (استقرائی) و هەروەها وەسفی و شیکاری، لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەدا پێی گەیشتووین ئەوەیە ناهاوسەنگی و کەمی ژمارەی دامەزراوە فێرکارییەکان لە هەندێ قۆناغەکانی خوێندندا بەتایبەتی قۆناغی باخچەی منداڵان و ئامادەیی پیشەیی وای کردووە ڕووبەری بێبەش لە پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری زۆر بێت بەشی پێداویستییەکانی هەندێك گەڕەک لە شارەکەدا نەکات.

**وشە کلیلییەکان:** (خزمەتگوزاری فێرکاری، پشتێنەی کاریگەر، دەربەندیخان، شار، ئاسانی پێگەیشتن)،


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10438 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | fatihakram302@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ فاتح اکرم علی،پ.ی.د.بەیان حسین علی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

الملخص:

تعد الخدمات التعليميه من احد المستلزمات الرئيسيه لسكان المدن، لانها مرتبطة بالقدرات الفردية ، هذا يعنى ان وجود هذه الخدمات تؤدى الى احياء و تطوير سكان المدينة من الناحية المادية و المعنوية ، و ايضا مقياس لتقيم المجتمع من ناحية التقدم الحضاري. ان توزيع الخدمات التعليمية بشكل متوازن و زيادة عددها فى مدينة دربنديخان يساعد (اطفال الروضة و طلاب المدارس) فى الوصول الى الاماكن التدريسية، مشكلة الدراسة هي توزيع الخدمات بشكل عدم التوازن و قلة المؤسسات التعليمية في مدينة دربنديخان، و هذا ادى الى كبر مساحة مناطق التي لا تتواجد فيها الخدمات التعليمية، الهدف من هذا البحث هو تحديد الموقع الجغرافي للخدمات التعليمية فى مدينة دربنديخان حتى تصبح أساسًا لتحديد نطاق التاثير له، و من ثم تقييم الخدمات التعليمية في المدينة حسب مقياس البعد المكانى لمراحل الدراسية المختلفة لكى نتعرف على حجم مساحة المناطق التى وصلت اليها هذه الخدمات، و اى جزء من المدينه تشمل هذه الخدمات، و من ثم التعرف على الاماكن و مساحتها التى لا تشمل على هذه الخدمات. و اعتمد هذا البحث على المنهج (استقرائى) و الوصفي و التحليلى للوصول الى الهدف، و من اهم النتائج التى توصلت اليها البحث هو عدم التوازن و قلة المؤسسات التعليمية فى بعض المراحل الدراسية، خاصة فى مراحل الروضة و الاعدادات المهنية، و هذا ادى الى كبر مساحة مناطق التي لا تتواجد فيها الخدمات التعليمية ولا تلبي احتياجات بعض حى سكنى.

**الكلمات المفتاحية:** (الخدمات التعليمية ، نطاق التاثير، دربنديخان، مدينة، سهولة الوصول)،

## Summary :

Educational services are one of the main requirements of the urban population because the service is linked to the abilities of the individual; i.e., the presence of this service in the city revives the abilities of the population in terms of material and spiritual, It is also a measure of civilization. The distribution of educational services in a balanced manner and increasing their number in the city of Darbandikhan will be a great help to reach (kindergarten children and school students) the place of the service, The problem of the study is the imbalance in the distribution of the service and the small number of some educational institutions in Darbandikhan, which has caused the area deprived of effect zone for educational services to be large, The aim of this study is to determine the geographical location of educational services in Darbandikhan to become a basis for identifying the effect zone for them and then evaluate educational services in the city according to distance criteria for different stages of education to know how much area is served in the city, what part of the city covers and then where are the places and how much of their area that the service does not cover and are deprived of it, In this study, Inductive reasoning , descriptive and analytical approaches were relied upon to achieve the objective, The most important outcomes and conclusions of this study are that the imbalance and low number of educational institutions in some stages of education, especially kindergarten and vocational high school, has caused the deprived area of effect zone for educational services to be large and not meet the requirements of some neighborhoods in the city.

**Key words:** (Educational services, Effect zone,  Darbandikhank, city, Accessibility )

## پێشەکی:

دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری بەشێوەیەکی دادپەروەرانە یەکێکە لەو پێویستییە گرنگانەی کە دەبێت فەرامۆش نەکرێت لەکاتی پلاندانان بەتایبەتی لەناو شارەکاندا، هەر لەبەر ئەمەشە توێژەران و پلاندانەران هەوڵ دەدەن چەندین ڕێگە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەپرۆسەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکاندا، بەجۆرێک باشترین سوود بگەیەنێت بە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان و هەروەها توانای گەیشتنی منداڵی باخچە و قوتابی و خوێندکار لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ شوێنی خزمەتگوزاری (باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگەکان) بە ئاسانی بێت و بەبێ نارەحەتی و هیلاکی و تێچوونی زۆر، ئەمەش بەمەبەستی هێنانەدی چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکەدا لە شوێنێکی دیاریکراودا.

## کێشەی توێژینەوەکە :

نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری و کەمی لەڕووی ژمارەوە لەهەندێ قۆناغی خوێندندا کاریگەری کردووەتە سەر ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر لە شاری دەربەندیخان بەوەی هەندێ لەگەڕەکەکان یان بەشێکی گەڕەکەکان بێبەشن لە ڕووبەری خزمەتکراو بەم خزمەتگوزارییە بەتایبەتی دوای زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی.

## گریمانەی توێژینەوەکە :

نا هاوسەنگی هەندێک لە (باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگەکان) لە شاری دەربەندیخان لە ڕووی دابەشبوونەوە و کەمی لە ڕووی ژمارەوە کاریگەری کردووەتە سەر توانای گەیشتنی (منداڵی باخچە و قوتابی و خوێندکار) بەوەی کاتێکی زۆرتریان دەوێت و دوورییەکی زۆرتر دەبڕن، کە لەوکات و دوورییە زیاترە کە وەک پێوەر دانراوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە :

١.دیاریکردنی شوێنی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکارییە لە شاری دەربەندیخان، ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی پشتێنەی کاریگەر بۆی.

٢.هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شارەکەدا لەڕووی دەستنیشانکردنی پشتێنەی کاریگەر بۆی بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Gis)، لەڕێگەی پێوەری دوورییەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەو ڕووبەرانەی شارەکە کامانان کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە لەگەڵ ئەو ڕووبەرانەی لە خزمەتگوزارییەکە بێبەشە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

توێژینەوەی زانستی بەبێ پەیرەوکردنی میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی زانستی ئەنجام نادرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە ڕێبازی بەدواگەڕان (استقرائی) کە دیاردەکان چاودێری دەکرێن و دواتر زانیارییەکان لەبارەیەوە کۆدەکرێنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج کە بە ووردەکاری دەست پێ دەکات و بە گشتی کۆتایی دێت ، هەروەها میتۆدەکانی (وەسفی و شیکاری) بەجۆرێک :

١.میتۆدی وەسفی بۆ ناساندن و وەسفکردنی چەمکە بەکارهاتووەکانی ناو توێژینەوەکە.

٢.ڕێبازی شیکردنەوە بۆ مەبەستی شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە توێژەر دەستی کەووتوون، پاشان پیشاندانی داتاکان بەشێوازی خشتە و نەخشە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :

١.حەز و ئارەزووی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بابەتی شار بەگشتی و خزمەتگوزاری بەتایبەتی.

٢.تا ئیستا هیچ توێژینەوەیەک دەربارەی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری دەربەندیخان ئەنجام نەدراوە، تەنانەت لەسەر ئاستی گۆڤارە ئەکادیمییەکانیشدا، ئەمەش هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوە ئەنجام بدەم و تاکو دواتر توێژینەوەکە ببێتە بنەما و نەخشە ڕێگایەک

بۆ لایەنی پەیوەندیدار تا چارەسەری کێشەکانی پەروەردەو فێرکردنی پێ بکەن لە شارەکەدا.

## سنوری توێژینەوەکە :

## سنوری توێژینەوەکە دوو ڕەهەندی هەیە :

١.ڕەهەندی شوێنی : مەبەست لێی شوێنی شاری دەربەندیخانە کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەگوێرەی پارێزگای سلێمانیش دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی پارێزگاکە، شاری دەربەندیخان سەنتەری قەزای دەربەندیخانە کە قەزاکە لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای سلێمانیە و قەزاکە لەباکورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای شارەزوورو لە خۆرهەڵاتەوە پارێزگای هەڵەبجە لەلایەک و کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەکی تر، لە باشورەوە ڕووباری سیروان جیای دەکاتەوە لە قەزای خانەقین، لە باشوری خۆرئاواوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کەلار و لە خۆرئاواشەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای قەرەداغ، نەخشەی (١)، لەڕووی شوێنی فەلەکیەوە ناوچەی توێژینەوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (=٢٩ ‾٠٥ °٣٥ - =١٠ ‾٠٨ °٣٥ ) باکورو هێڵی درێژی (=٢٩ ‾٣٩ °٤٥ - =١٠ ‾٤٢ °٤٥) ی ڕۆژهەڵات، نەخشەی (٢)، لەڕووی سروشتی یەوە ناوچەی توێژینەوەکە دەکەوێتە سنوری ناوچە شاخاویە پێچ سادەکانەوە (محمد امین، ٢٠١١، لا٦٣)، لەباکورەوە زنجیرە چیای بەرانان بەبەرزی (١٣٧٣) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە، لە باشور و ڕۆژئاواوە چەمی دێوانە و چیای گوڵان بە بەرزی (١١١٩) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە (عومەر، ١٩٩٩، لا٥١)، لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری سیروان لە چیای زمناکۆی جیادەکاتەوە بەبەرزی (١٣٧٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە (وهاب، ٢٠٢٠، ص٧٨)، ڕووبەری شارەکە لە ساڵی (٢٠٢١) دا (٩١٤,٤٢) هێکتار و ژمارەی گەڕەکەکانی (١٦) گەڕەکە، ژمارەی دانیشتوانشی بۆ هەمان ساڵ گەیشتووەتە (٥٣٦٨٢) کەس (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بەپێی ناحیە و قەزا بۆ ساڵی ٢٠٢١ – ٢٠٣٠).

٢.ڕەهەندی کاتی : مەبەست لێی ماوەی توێژینەوەکەیە، پشت بەست بە داتا و زانیارییەکان بۆ باسکردنی دۆخی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢١) .

## پەیکەری توێژینەوە:

بەمەبەستی پێکانی ئامانجەکانی وا پێویست دەکات پلانی توێژینەوەکەمان بە پوختەی توێژینەوەکە و پێشەکیەک و دوو باس لەگەڵ دەرئەنجام و ڕاسپاردە کۆتایی پێ بهێنین، لە توێژینەوەکەدا (١) خشتە (٩) نەخشە بەکارهاتووە، باسەکانیش بەم شێوەیە دابەشکراون، باسی یەکەم: ناساندنی هەندێ لە چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە، باسی دووەم:پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن.


## باسی یەکەم: ناساندنی هەندێ لە چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١.خزمەتگوزاری فێرکاری: فێرکردن بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکان، هەروەها پێوەری پێوانەکردنی پێشکەوتن یان دواکەوتنی کۆمەڵگایە، بوونی کادری زانستی و تەکنیکی پیشەیی کە یارمەتیدەرن لە بنیادنانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنولۆژی پشت بە فێرکردن دەبەستێت، هەر وڵاتێک بیەوێت لە هەربوارێکدا پێش بکەوێت پێویستە بە فێرکردن دەست پێ بکات، بەرزی ئاستی کۆمەڵگا لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەک کە بتوانێت پێش بکەوێت لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژییەوە، بەو پێیەی کە شارستانی و ڕۆشنبیری لە پێداویستییە سەرەکییەکانی بنیادنانی کۆمەڵگەن، پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونیان لەڕێگەی فێرکردنەوەیە.( مصطفى، ٢٠٢٠، لا ١٦٥- ١٦٦)

٢.قۆناغی باخچەی منداڵان: باخچەی منداڵان گرنگییەکی زۆری هەیە لە شارەکاندا، ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان( ٤و ٥) ساڵانە، ئەم تەمەنە یەکێکە لە قۆناغە هەرەگرنگەکانی گەشەکردن لە منداڵدا، کە تێیدا هەندێ لە خەسڵەتەکانی کەسایەتی

نەخشەی (١)

پێگەی شاری دەربەندیخان بە گوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق و پارێزگای سلێمانی وقەزای دەربەندیخان





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021 .

٢.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب، ٢٠٠٩، ل١٩، ٣٣

نەخشەی (٢)

شوێنی فەلەکی شاری دەربەندیخان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، 2021 .

تێیدا گەشە دەکات، ئەم دەزگایە ڕۆڵی کارای هەیە لە پەرەپێدان و تێرکردنی خواستە مەعریفی و دەروونییەکانی منداڵ و دۆزینەوەی هەندێ لە بەهرەکانیان، فێرکردن و پەروەردەکردنیان بۆ مامەڵەی چاک و دوورکەوتنەوەیان لە خوی خراپ. (الهيتي، ٢٠١٣، ص٩٧).

٣.قۆناغی بنەڕەتی: ئەم قۆناغە بەیەکێک لە خوێندنە گرنگ و بنەڕەتەکان دادەنرێت و کار دەکات بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی هەرێمی کوردستان هەر لەتەمەنی (٦) ساڵییەوە بە (٩) ساڵی خوێندنی تەوزیمی (پابەندبوون) (واتە تەمەنی ئەم قوتابیانە لەنێوان (١٥-٦) ساڵیدایە) بتوانن کەسایەتی خۆیان دروست بکەن و گەشە بە لایەنی هزری و جەستەیی و گیانی و ڕەفتاری خۆیان بدەن و ببنە هاووڵاتییەکی لەش ساغ و دەروون پاک و مێشک کراوە لە پێناوی ئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنیان لەگەشەسەندنی کۆمەڵگەدا هەبێت، مەرج نییە لە پۆلی یەکەم تا پۆلی نۆیەم لە یەک بینادا دەوام بکەن، (لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩، لا٦،٧،٨). لەبەرئەوە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لەشاری دەربەندیخان دابەش بوون بەسەر چەند قۆناغێکدا وەک قۆناغی (٦-١)، (٧-٩)، (١-٩) بۆیە ئێمەش هەوڵ دەدەین هەر قۆناغێک بە جیا تیشک بخەینە سەری لە باسەکانی داهاتوودا.

٤.قۆناغی ئامادەیی: خوێندنی ئامادەیی هەوڵ دەدات لە پێناوی ئەوەی هەموو ئەو خوێندکارانەی خوێندنی بنەڕەتیان تەواو کردووە بتوانن خوێندنی ئامادەیش تەواو بکەن و لەم قۆناغەدا پەرە بەتوانا هزری و ڕۆشنبیری و جەستەیەکانی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی ئاستێکی باڵاتریان لە بواری زمان و هزروکلتور و زانست و تەکنۆلۆژیا و کۆمپیوتەر و ماتماتیک و کۆمەڵناسی و جوگرافیا

و مێژوو .... هتد هەبێ و بتوانن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا سود لە سەرجەم ئەو زانستانە وەربگرن، قۆناغی ئامادەیی بریتییە لە (٣) ساڵی خوێندن، کە بە پۆلی دە، یازدە، دوازدە دەناسرێن، جۆرەکانی خوێندنی ئامادەیی بریتیین لە ئامادەییە ئەکادیمییەکان ( زانستی و وێژەیی)، ئامادەییە پیشەییەکان ( پیشەسازی، کشتوکاڵی، بازرگانی) (لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩، لا٦)، قوتابی دوای تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی واتە دوای تەمەنی (١٥) ساڵی دەتوانێت وەک خوێندکار وەربگیرێت لە خوێندنگە ئامادەییەکان.

٥.قوتابخانەی خوێندنی خێرا: بۆ خوێندنی خێرا هەندێ قوتابخانەی تایبەت بە هەرزەکاران دەکرێنەوە، نابێ تەمەنی ئەو قوتابیانەی دەست بە ئاستی یەکەم دەکەن بۆ کوڕان لە (٩) ساڵ کەمتر و لە (٢٠) سال زیاتر بێت، بۆکچانیش لە (٩) ساڵ کەمترو لە(٢٤) ساڵ زیاتر بێت، ماوەی خوێندن لەم جۆرە قوتابخانانەدا (٥) ساڵە(لەخوێندنی خێرادا لەبری پۆل ئاست بەکاردێت، هەر ئاستێک بەساڵێک تەواو دەکرێت و لەبری دوو پۆلە واتە ئاستی یەکەم لەبری پۆلی (٢+١) دەخوێنرێت، ئاستی دوو لەبری پۆلی(٣+٤) دەخوێنرێت، ئاستی سێ لەبری پۆلی (٥+٦) دەخوێنرێت، ئاستی چوار لەبری پۆلی(٧+٨) دەخوێنرێت، ئاستی پێنج لەبری پۆلی(٩) دەخوێنرێت)، پرۆگرام و پەرتووکی فێرکاری و ئامرازەکانی تری فێرکردن بەشێوەیەکی تایبەت بۆ قوتابیان دابین دەکرێت، ئەو قوتابیانەی ئەم جۆرە قوتابخانانە بەسەرکەوتوویی تەواو دەکەن بڕوانامەی بنەڕەتییان پێدەدرێت (لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩، لا٩).

باسی دووەم / پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغە جیاوازەکانی کانی خوێندن:

پێوەرەکانی پشتێنەی کاریگەر کە بە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی شیکردنەوەی شوێنی دادەنرێت لە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکاندا، بۆ پێوانەکردنی ماوەی ڕووبەری کاریگەر لە نێوەندە خزمەتگوزارییەکاندا، مەودای نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی فێرخواز و دامەزراوەی فێرکاری یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان لە پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان (سليم، ٢٠١٢، ص١١٣)، ئەم ئامرازە چەندین سودی هەیە بەڵام بەزۆری لەبواری دەستنیشانکردنی ئەو ڕووبەرانەی خزمەتگوزاری دەیانگرێتەوە بەکاردێت، ئەویش بە کێشانی بازنەیەکە بەدەوری شوێنی خزمەتگوزارییەکەدا بە پێی دوورییەکی دیاریکراو بەدەوری دیاردەکە دەکێشرێت (عبدالرحمن، ٢٠١٤، ص١٢)، کەواتە پشتێنەی کاریگەر سنوری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە بەپێی پێوەری دووری، واتە لە شوێنگەی خزمەتگوزارییەکەوە بازنەیەک

دەكێشرێت، ناوەڕاستی ئەم بازنەیە شوێنی خزمەتگوزارییەکەیە، نیوەتیرەی بازنەکە ماوەی ئەو دوورییەیە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە چواردەوری خۆیدا دەکات واتا تەواوی بازنەکە ئەو ڕووبەرەمان پیشان دەدات کە سنوری خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە (حسین، ٢٠١٩، ص٥٢٢)، ئەو پێوەری دوورییەی کە بازنەکەی پێ دەکێشرێ گۆڕانکاری بەبەسەردا دێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن بە گوێرەی تەمەن و توانای جەستەیی فێرخوازەکە بۆ گەیشتنی بە شوێنی (باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە) کەی، لە پێناو گەیشتن بە نواندنی پشتێنەی کاریگەر بۆ سەرجەم قۆناغە جیاوازەکان لەشاری دەربەندیخان پشت دەبەستین بە (Buffer) لەلیستی (Proximity) لەناو ئامرازەکانی شیکردنەوە(Analysis tools) لە پرۆگرامی(Arc GIS)، پێوەری دووری کە بۆ خزمەتگوزارییەکە دانراوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە جیاوازە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تری خزمەتگوزارییەکە، بە جۆرێک بۆ باخچەی منداڵان(٣٠٠ - ١٥٠) مەتر دانراوە، بۆ قۆناغی بنەڕەتی(١-٦) (٣٠٠ - ٤٠٠) مەتر، قۆناغی بنەڕەتی(٧-٩) (٥٠٠ - ٧٠٠) مەتر، قۆناغی ئامادەیی (٨٠٠ - ١٠٠٠) مەتر دانراوە (صفر، ٢٠١٥، ص٢٣٠-٢٣٣)، سەبارەت بە قۆناغی بنەڕەتی(١-٩) و قوتابخانە(بنکە) ی خوێندنی خێرا هیچ پێوەرێک ئاماژەی پێدنەداوە، بەڵام لەبەرئەوەی قۆناغی بنەڕەتی(١-٩) زۆربەی قوتابیەکانیان لە ڕووی تەمەنەوە وەک قۆناغی بنەڕەتی(١-٦) و (٧-٩) وایە لەبەرئەوە دووری(٤٠٠ - ٥٥٠) مەتری بۆ هەڵدەبژێرین، (کەمترین پێوەری دووری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی (١-٦) (٣٠٠) مەترە هەروەها بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی (٧-٩) (٥٠٠)مەترە، لەبەرئەوە ئێمە بۆ دەستنیشانکردنی پێوەری دووری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی(١-٩) ناوەندی کەمترین پێوەری دووری هەردوو قۆناغەکە وەردەگرین کە دەکاتە (٤٠٠) مەتر، هەروەها زۆرترین دوورین بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی(١-٦) (٤٠٠) مەترە و بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی (٧-٩) (٧٠٠) بۆیە ئێمە ناوەندی زۆرترین پێوەری دووری بۆ هەردوو قۆناغەکە وەردەگرین کە (٥٥٠) مەترە بۆ قۆناغی(١-٩)) هەروەها قوتابخانە(بنکە) ی خوێندنی خێرا وەک قۆناغی بنەڕەتی(٧-٩) حسابی بۆ دەکەین لەبەرئەوەی لەڕووی توانای گەیشتنیان بۆ قوتابخانە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا نزیکە لەیەکەوە بۆیە (٥٠٠ - ٧٠٠) مەترمان داناوە بۆیان، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەم باسە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەدا لە نێوان ئەو دوو ژمارەیە بۆ هەرقۆناغێک زۆرترین دوورییەکە ئەژمار دەکەین چونکە تا ئەو ژمارە بەرزە دەکەوێتە چوارچێوەی بازنەکە بۆ نموونە باخچەی منداڵان زۆرترین دوورییەکەی (٣٠٠) مەترە بۆ قۆناغەکانی تریش بە هەمان شێوە ئەوپەڕی دووری ئەژمار دەکەین.

بەم پێیە دەمانەوێت بزانین ئاستی خزمەتگوزاری فێرکاری بەپێی ئەم پێوەرە تا چەندە؟ ئەو گەڕەکانەی ئەم پشتێنەیە دەیانگرێتەوە کامانەن؟ ڕادەی کاریگەریان لەسەر ناوچەکان و گەڕەکەکانی دەوروبەریان چەندە بەپێی قۆناغەکان؟ بە سەرنجدان لە خشتەی (١) و نەخشەکانی (٣) تا (٩) پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغ بە قۆناغی خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی(١)

بەهاکانی پشتێنەی کاریگەر بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)

| جۆری خزمەتگوزاری فێرکاری | ژمارەی دامەزراوەی فێرکاری | رووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناو سنوری شارەوانی دەربەندیخان/ هێکتار | رێژەی رووبەری پشتێنەی کاریگەر لە ناو سنوری شارەوانی بە گوێرەی رووبەری شارەکە % | رێژەی بێبەشی رووبەری شارەکە لە پشتێنەی کاریگەر % | رووبەری پشتێنەی کاریگەر لە دەرەوەی سنوری شارەوانی دەربەندیخان/ هێکتار | رووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەر لە ناوەوە و دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە/ هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 4 | 113.04 | ١٢,٣٦ | ٨٧,٦٤ | - | 113.04 |
| ق.بنەڕەتی (1-6) | ٢٠ | ٥٥٠,٥ | ٦٠,٢ | ٣٩,٨ | 93.5 | ٦٤٤ |
| ق.بنەڕەتی (٧-٩) | ١٣ | ٦٤٢,٨٥ | ٧٠,٣ | ٢٩,٧ | ١١٥,٨٨ | ٧٥٨,٧٣ |
| ق.بنەڕەتی (١- ٩) | ١ | ٨٧,٦٧ | ٩,٥٩ | ٩٠,٤١ | ٧,٣٦ | ٩٥,٠٣ |
| ئامادەیی ئەکادیمی | ٩ | ٧٧٧,٦ | ٨٥ | ١٥ | ٢٣٨,٦٩ | ١٠١٦,٢٩ |
| ئامادەیی پیشەیی | ١ | ٢٦٢,٣٢ | ٢٨,٦٨ | ٧١,٣٢ | ٥١,٨٤ | ٣١٤,١٦ |
| ق/ بنکەی خوێندنی خێرا | ٢ | ٢٨٦,٢٤ | ٣١,٣ | ٦٨,٧ | ٢١,٦٢ | ٣٠٧,٨٦ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.بەکارهێنانی پرۆگرامی (GIS 10.5 (Arc Map و بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەشیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر لە ناو بەرنامەکە.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢ -٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٢/٢/٢٠٢٢-٢٣.


## یەکەم : پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان:

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) و سەرنج دان لە نەخشەی (٣) پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان شیدەکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.رووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان (١١٣,٠٤) هێکتارە کە هەموو رووبەرەکە دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانییەوە و هیچ بەشێکی پشتێنەکە ناکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە، ئەمەش بەواتای ئەوەی تەنها (١٢,٣٦٪) لە کۆی گشتی رووبەری شار داپۆشراوە بە پشتێنەی خزمەتگوزاری باخچەی منداڵان، واتە زۆربەی رووبەری شار کە (٨٧,٦٤٪) بێبەشن لەم

نەخشەی (٣)

پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٢-٢٤/٢/٢٠٢٢-٢٣.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map.

جۆرە خزمەتگوزارییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورتهێنان هەیە بۆ ئەم خزمەتگوزارییە کە بەشی پێداویستییەکانی شارو گەڕەکەکانی ناکات.

٢.گەڕەکەکانی (دەرسیم و زمناکۆ و وارماوا و سیروان و سەرا و گوڵان) بەتەواوی بێبەشن لەم خزمەتگوزارییەو بە هیچ شێوەیەک پشتێنەی خزمەتگوزاری نایانگرێتەوە.

٣.بەشێکی رووبەری گەڕەکی هەوارە بەرزە لە باکوری خۆرهەڵاتی شارەکە پشتێنەی خزمەتگوزاری گرتوویەتییەوە، بەڵام گەڕەکەکانی (کانی توو، شارەوانی، شۆڕش، شەهیدان، خێڵان، پیشەسازی، ڕاپەڕین، کانی سارد، قەڵا) گۆشەیەکی بچووکی ڕووبەرەکەیان ئەم پشتینەی خزمەتگوزاریە دەیگرێتەوە.

٤.لێکجیایی و دوورکەوتنەوەیەکی زۆر هەیە لە نێوان پشتێنەی کاریگەری باخچەکانی منداڵان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کەمی ژمارەی باخچەکانی منداڵان.

لەبەرئەوە ئەو گەڕەکانەی کە بێبەشن یان بەشێکی کەمی ڕووبەرەکەیان ئەم پشتێنەیە دایپۆشیوە، منداڵانیان لەکاتی گەیشتنیان بەم جۆرە خزمەتگوزارییە کات و ماندووبوونی زۆریان دەوێت بەتایبەتی ئەوانەی بە پیادە دەگەنە باخچەی منداڵان هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی باخچەکانی منداڵان و کەمی ئەو ڕووبەرەی کە خزمەت بە چواردەوری خۆی دەکات کە (٣٠٠ - ١٥٠) مەتری بۆ دانراوە لە شارەکەدا.

## دووەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قۆناغی(٦-١):

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) و سەرنج دان لە نەخشەی (٤) پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن شیدەکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.بەیەکداچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان بازنەکانی پشتێنەکانی خزمەتگوزاری قۆناغی بنەڕەتی (٦-١) لە زۆربەی زۆری گەڕەکەکانی شاردا بەجۆرێک ئەم بەیەکداچوونە زیاتر دەکەوێتە گەڕەکەکانی ناوەندی شار، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نزیکی قوتابخانەکان لەیەکتر بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی کە دانیشتوانی تێدا زۆرە و خاوەن مێژوون بە بەراوورد بە گەڕەکەنی تر چونکە مێژووی درووستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی شار.

٢.سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە کە ژمارەیان (١٦) گەڕەکە ڕووبەری پشتێنەی خزمەتگوزاری دەچێتە ناو گەڕەکەکان بەڵام بەشێوەی جیاجیا بە جۆرێک:

أ.گەڕەکەکانی (شارەوانی، سەرا، خێڵان) بەشێوەیەکی زۆر تەواوەتی کەوتوونەتە ژێر پشتێنەی خزمەتگوزاری فێرکارییەوە.

ب.بەشێکی زۆر لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (هەوارەبەرزە، زمناکۆ، کانی توو، شۆڕش، شەهیدان، گوڵان، ڕاپەڕین، قەڵا) ئەم پشتینەی خزمەتگوزارییە دایپۆشیوە.

ج.بەشێکی کەم لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (پیشەسازی، وارماوا، دەرسیم، سیروان) کە دەکەونە قەراغی شارەوە پشتینەی خزمەتگوزاری دایپۆشیوە، بەشەکەی تری ئەم گەڕەکانە بێبەشن لەم پشتێنەی خزمەتگوزارییە.

٣.ڕووبەری گشتی ئەم پشتێنەیە بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن (٦٤٤) هێکتارە لەو ڕووبەرە (٥٥٠,٥) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی شارەکە بەمەش لە نیوە زیاتری ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە کە دەکاتە (٦٠,٢٪) کۆی گشتی ڕووبەری شاری دەربەندیخان کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە و(٣٩,٨٪) ڕووبەری شارەکەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە، هەروەها (٩٣,٥) هێکتاری ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری دەربەندیخان ئەمەش لەبەرئەوەی هەندێ لەو قوتابخانانە لە نزیک سنوری شارەوانی شارەکە دامەزراون و تەنانەت قوتابخانەی ڕووناکی لە باکوری خۆرئاوای شارەکە بەتەواوەتی دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە لەبەرئەوە لەئێستادا ئەم ڕووبەرە لە پشتێنە خزمەتێکی ئەوتۆناکات بە شارەکە تا ئەو کاتەی سنوری شارەکە فراوانتر دەبێ لە داهاتوودا، جگە لە پشتینەی کاریگەری قوتابخانەی ڕووناکی کە خزمەت بە دانیشتوانی دەوروبەری خۆی دەکات کە لەدەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە نیشتەجێن.


## سێیەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی  قۆناغی(٩-٧):

پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغە بەدووری پێوانەیی(٥٠٠ - ٧٠٠) مەترە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدابوو بەرزترین دووری پێوانەی وەردەگرین کە(٧٠٠) مەترە، پاشان بەسەرنجدان لە خشتەی (١) و نەخشەی(٥) شیکردنەوە بۆ پشتێنەی خزمەتگوزاری ئەم قۆناغە دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.ڕووبەری گشتی پشتێنەی خزمەتگوزاری بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن (٧٥٨,٧٣) هێکتارە لەو ڕووبەرە (٦٤٢,٨٥) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی شارەکە، بەمەش ئەم خزمەتگوزارییە  نزیکەی دوو بەش لە سێ بەشی ڕووبەری شارەکەی  داپۆشیوە کە دەگاتە (٧٠,٣٪) لە کۆی گشتی ڕووبەری شارەکە کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە و (٢٩,٧٪) ڕووبەری شارەکەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە، هەروەها تەنها (١١٥,٨٨) هێکتاری ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی

نەخشەی (٤)

پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قۆناغی(٦-١) لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی  (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.


٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە،   ٢٠٢٢ -٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٣-٢٤/٢/٢٠٢٢.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map.

نەخشەی(٥)

پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قۆناغی(٩-٧) لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢٠٢١/١١/٢ و ٢٠٢٢/٢/٢٤-٢٣.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سنوری شارەوانی شارەکە ئەمەش بەهۆی شوێنی جوگرافی هەندێ لە قوتابخانەکان کە قەراغ شارەکان دروستکراون لەوانە قوتابخانەی بڵێسە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شارەکە کە بەشێکی پشتێنەی خزمەتگوزارییەکەی دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەکە.

٢.سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە کە ژمارەیان (١٦) گەڕەکە ڕووبەری پشتێنەی خزمەتگوزاری دەیانگرێتەوە بەڵام بە شێوەی جیاجیا بە جۆرێک:

أ.گەڕەکەکانی (شەهیدان، شۆڕش، زمناکۆ، شارەوانی) بەشێوەیەکی زۆر تەواوەتی و سەرجەمی ڕووبەرەکانیان کەوتوونەتە ژێر پشتێنەی خزمەتگوزاری فێرکارییەوە بۆ قۆناغی(٩-٧).

ب.بەشێکی هەرە زۆر لە ڕووبەری گەڕەکەکانی (هەوارەبەرزە، خێڵان، دەرسیم، گوڵان، ڕاپەڕین) ئەم پشتێنەی خزمەتگوزارییە دایپۆشیوە.

ج.بە نزیکەیی نیوەی ڕووبەری گەڕەکەکانی (وارماوا، قەڵا، کانی سارد، گوڵان، سیروان، پیشەسازی، کانی توو) پشتێنەی خزمەتگوزاری دایپۆشیوە کە ئەم گەڕەکانە دەکەونە قەراغی شارەوە، نیوەکەی تری ڕووبەری ئەم گەڕەکانە بێبەشن لەم پشتێنەی خزمەتگوزارییە، (شایەنی باسە گەڕەکی سیروان بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی گەڕەکەکە ئاوەدانە و یەکەی نیشتەجێبوونی تێدایە و بەشەکانی تر چۆڵن هەربۆیە قوتابخانەکەش لەناو ئاوەدانیدایەو پشتێنەی کاریگەریش بەهەمان شێوە کەووتوەتە ئەو بەشەی گەڕەکەکە.. ).

## چوارەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قۆناغی(٩-١):

پاش بەسەرنجدان لە خشتەی (١) و نەخشەی(٦) پشتێنەی کاریگەری بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاڤە دەکەین :

١.ڕووبەری گشتی پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن (٩٥,٠٣) هێکتارە بە جۆرێک لەو ڕووبەرە (٨٧,٦٧) هێکتاری بەڕێژەی (٩,٥٩٪) لە کۆی گشتی ڕووبەری شاری دەربەندیخان پێک دەهێنێت، ئەمەش بەمانای ئەوەی (٩٠,٤١٪) شارەکە بێبەشە لە پشتێنەی خزمەتکراوی قۆناغی خوێندنی (٩-١).

٢.گەڕەکەکانی (خێڵان و سەرا) بە نزیکەیی نیوەی ڕووبەرەکەیان ئەم پشتێنەیە دایپۆشیوە، بەڵام گەڕەکەکانی (پیشەسازی و سیروان) بەشێکی زۆر کەمی ڕووبەرەکەیان پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغی خوێندنی (٩-١) دایپۆشیوە و بەشێکیش لەم پشتێنەیە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە کە (٧,٣٦) هێکتارە، سەرجەم گەڕەکەکانی تر کە ژمارەیان (١٢) گەڕەکە بێبەشن لە پشتێنەی خزمەتکراوی قۆناغی خوێندنی(٩-١)، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی ئەم جۆرە قوتابخانانە دەگەڕێتەوە کە شارەکە (١) قوتابخانەی لەم جۆرەی تێدایە لەگەڵ هەڵکەوتەی قوتابخانەکە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باشوری شارەکە.

## پێنجەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ ئامادەییە ئەکادیمییەکان:

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) و سەرنج دان لە نەخشەی (٧) پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن شیدەکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١.ڕووبەری گشتی پشتێنەی خزمەتگوزاری بۆ ئامادەییە ئەکادیمییەکان (١٠١٦,٢٩) هێکتارە بەجۆرێک لەو ڕووبەرە (٧٧٧,٦) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی شاری دەربەندیخان کە دەکاتە (٨٥٪) کۆی گشتی ڕووبەری شارەکە کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە و تەنها (١٥٪) ڕووبەری شارەکەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە، هەروەها (٢٣٨,٦٩) هێکتاری ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شاری دەربەندیخان، ئەمەش بەمانای ئەوەی ڕووبەری ئەم پشتێنەیە لە دەرەوەی سنوری شارەوانی سودێکی ئەوتۆی نییە بۆ شارەکە لە کاتێکدا شارەکە (١٥٪) ڕووبەرەکەی بێبەشە لەم پشتێنەی خزمەتگوزارییە، ئەمەش بەهۆی بێ پلانی لایەنی پەیوەندیدارەوەیە کە بە ڕوونی دەردەکەوێت لە دابەشبوونی جوگرافی خوێندنگەکاندا.

٢.سەرجەم گەڕەکەکانی شارەکە پشتێنەی کاریگەر بۆ قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی دەیانگرێتەوە، بەڵام بە بڕی جیاجیا بەم شێوەیە:


أ.گەڕەکەکانی (کانی توو، دەرسیم، زمناکۆ، قەڵا) بەشێوەیەکی هەرە زۆر ڕووبەرەکانیان کەوتوونەتە ژێر پشتێنەی خزمەتگوزاری فێرکارییەوە.

ب.بە نزیکەیی نیوەی ڕووبەری گەڕەکەکانی (وارماوا، سیروان) پشتێنەی خزمەتگوزاری دایپۆشیوە کە ئەم گەڕەکانە دەکەونە قەراغی شارەوە، نیوەکەی تری ڕووبەری ئەم گەڕەکانە بێبەشن لەم پشتێنەی خزمەتگوزارییە.

ج.سەرجەم گەڕەکەکانی تری شارەکە بەشێوەیەکی زۆر تەواوەتی و سەرجەمی ڕووبەرەکانیان کەوتوونەتە ژێر پشتێنەی خزمەتگوزاری فێرکارییەوە کە ژمارەیان (١٠) گەڕەکە.

نەخشەی(٦)

پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکانی قۆناغی(١- ٩) لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.


٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٠٢٢/٢/٢٤-٢٣.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map

نەخشەی(٧)

پشتێنەی کاریگەر بۆخوێندنگەی ئامادەیی ئەکادیمی لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢ -٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٣-٢٤/٢/٢٠٢٢.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map

## شەشەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ ئامادەییە پیشەییەکان:

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) و سەرنج دان لە نەخشەی (٨) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە:

١.ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن (٣١٤,١٦) هێکتارە بەجۆرێک (٢٦٢,٣٢) هێکتاری پشتێنەی خزمەتکراو بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن بەڕێژەی (٢٨,٦٨٪) لە کۆی گشتی ڕووبەری شاری دەربەندیخان دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی شارەکە، بەواتای (٧١,٣٢٪) شارەکە بێبەشە لە پشتێنەی کاریگەر، هەرچی تایبەتیشە بە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر (٥١,٨٤) هێکتارە، هۆکاری ئەم ڕێژە کەمەی پشتێنەی کاریگەر لە شارەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی خوێندنگەکە و هەڵکەوتەکەی بە پێی شارەکە، بە جۆرێک کە تەنها (١) خوێندگەی پیشەیی لە شارەکەدا هەیە ئەویش کەوتووەتە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی شارەکە، ئەمەش وا دەکات بەشێکی پشتێنە کاریگەرەکەشی بکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە.

٢.جگە لە گەڕەکی (سەرا) کە سەرجەم ڕووبەری گەڕەکەکە دەکەوێتە ژێر پشتێنەی کاریگەرەوە و بەشی زۆری گەڕەکەکانی (کانی توو و شارەوانی و خێلان) و بەشێکی کەم لە گەڕەکی (شارەوانی و پیشەسازی) و نیوەی گەڕەکی سیروان بەڵام سودی لێ نابینێ چونکە نیشتەجێبوونی دانیشتوانەکەی ناکەوێتە ئەو شوێنەی کە پشتێنەکە دەیگرێتەوە لە گەڕەکەکەدا، سەرجەم گەڕەکەکانی تر کە ژمارەیان (٩) گەڕەکە بێبەشن لە پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن.

## حەوتەم: پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە(بنکە)ی خوێندنی خێرا:

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) و سەرنج دان لە نەخشەی (٩) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە:

١.ڕووبەری ئەم پشتێنەیە بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن لەشارەکەدا (٣٠٧,٨٦) هێکتارە، لەو ڕووبەرە (٢٨٦,٢٤) هێکتاری دەکەوێتە ناو سنوری شارەوانی دەربەندیخان، بەمەش نزیکەی یەک بەش لە سێ بەشی ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە کە دەگاتە (٣١,٣٪) کۆی گشتی ڕووبەری شارەکە کە خزمەتگوزارییەکە دەیگرێتەوە و(٦٨,٧٪) ڕووبەری شارەکەش بێبەشە لەم خزمەتگوزارییە، بەشێکی کەمی ڕووبەری ئەم پشتێنەیە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری شارەوانی شارەکە کە (٢١,٦٢) هێکتارە لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارەکە، واتە سودێکی ئەوتۆی لێ نابینرێ چونکە کەوتووەتە دەرەوەی سنوری شارەوانی و ئاوەدانی تێدا کەمە.

٢.جگە لە گەڕەکی هەوارەبەرزە کە بەتەواوەتی سەرجەم ڕووبەری گەڕەکە لە پشتێنەی خزمەتکراوی ئەم قۆناغە بێبەشە، سەرجەم گەڕەکەکانی تری شارەکە پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییەکە دەیانگرێتەوە بەم شێوەیە:

أ.بەشێکی زۆری ڕووبەری گەڕەکانی گەڕەکەکانی (شۆڕش، سەرا، خێلان، وارماوە، قەڵا) سودمەندن لە پشتێنەی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغە.


ب.بە نزیکەیی نیوەی ڕووبەری گەڕەکەکانی (کانی توو، شارەوانی، کانی سارد، ڕاپەڕین، گوڵان، زمناکۆ) ئەم پشتێنەیە دایپۆشیوە.

ج.گەڕەکەکانی( پیشەسازی، سیروان، شەهیدان، دەرسیم) بەشێکی زۆر کەمی ڕووبەرەکەیان پشتێنەی کاریگەر دایپۆشیوە.

سەبارەت بە پشتێنەی کاریگەری سەرجەم قۆناغەکان بەشێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازییان هەیە لە قۆناغێکی خوێندن بۆ قۆناغێکی تری خوێندن، ئەمەش بەهۆی کەم و زۆری ژمارەی دامەزراوەکان و شێوازی دابەشبوونیان و ئەو پێوەرە دوورییەیە کە بۆ هەرقۆناغێکی خوێندن دانراوە دەگۆڕێت، بەجۆرێک قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی پلەی یەکەمی گرتووە لە بڵاوبوونەوەی پشتێنەی کاریگەر بەسەر شارەکە کە زۆرترین ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە بە (٨٥٪) لە کۆی گشتی ڕووبەر شارەکە، دوای ئەویش قۆناغی بنەڕەتی (٧-٩) بەرێژەی (٧٠,٣٪) و دواتریش قۆناغی بنەڕەتی (١-٦) بە (٦٠,٢٪) لەکۆی گشتی ڕووبەری شارەکەی داپۆشیوە، قۆناغەکانی بنکەی خوێندنی خێرا و ئامادەیی پیشەیی و باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتی (١-٩) کەمترین ڕووبەری پشتێنەی کاریگەریان هەیە لە شارەکەدا بە (٣١,٣٪، ٢٨,٦٨٪، ١٢,٣٦٪، ٩,٥٩٪) بەدوای یەکدا لەکۆی گشتی ڕووبەری شارەکە.

نەخشەی(٨)

پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.


٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٠٢٢/٢/٢٤-٢٣.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Ma

نەخشەی(٩)

پشتێنەی کاریگەر بۆ قوتابخانە(بنکە)ی خوێندنی خێرا لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢١)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢- ٢٠٢١.

٣.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و ٢٤/٢/٢٠٢٢-٢٣.

٤.بەکارهێنانی پرۆگرامی GIS 10.5 Arc Map


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دەرئەنجام:

پاش جێبەجێکردنی پشتێنەی کاریگەر کە سنوری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکەیە بەپێی پێوەری دووری لە شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی(٢٠٢٢-٢٠٢١) دەردەکەوێت کە رووبەری پشتێنەی کاریگەر جیاوازی هەیە لە قۆناغێکی خوێندن بۆ قۆناغێکی تری خوێندن، ئەمەش بەهۆی کەم و زۆری ژمارەی دامەزراوەکان و شێوازی دابەشبوونیان و ئەو پێوەرە دوورییەیە کە بۆ هەرقۆناغێکی خوێندن دانراوە دەگۆڕێت بەجۆرێک:

١.قۆناغی ئامادەیی ئەکادیمی پلەی یەکەمی گرتووە لە بڵاوبوونەوەی پشتێنەی کاریگەر بەسەر شارەکە کە زۆرترین رووبەری شارەکەی داپۆشیوە بە (٨٥٪) لە کۆی گشتی رووبەر شارەکە، واتە تەنها رێژەی (١٥٪) شارەکە بێبەشە لە پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییە، هەروەها زۆربەی زۆری رووبەری گەڕەکانی شار بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی زۆر داپۆشراوە بەپشتێنەکە، تەنها هەردوو گەڕەکی وارماوا و سیروان نەبێ کە زیکەی نیوەی رووبەری گەڕەکەکەیانی گرتووەتەوە.

٢.قۆناغی بنەڕەتی(٧-٩) بەرێژەی (٧٠,٣٪) و دواتریش قۆناغی بنەڕەتی (٦-١) بە (٦٠,٢٪) لەکۆی گشتی رووبەری شارەکەی داپۆشیوە، واتە رێژەی (٢٩,٧٪) و (٣٩,٨٪) بەدوای یەکدا رووبەری شارەکە بێبەشە لە پشتێنەی کاریگەر لەکۆی گشتی رووبەری شارەکەیە، هەروەها بەیەکداچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان بازنەکانی پشتێنەکانی خزمەتگوزاری قۆناغی بنەڕەتی (٦-١) و (٧-٩) لە زۆربەی زۆری گەڕەکەکانی شاردا بەجۆرێک ئەم بەیەکداچوونە زیاتر دەکەوێتە گەڕەکەکانی ناوەندی شار، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نزیکی قوتابخانەکان لەیەکتر، هەروەها سەرجەم گەڕەکەکانی شاریش پشتێنەکە دەیانگرێتەوە بەڵام بە رێژەی جیاجیا.

٣.قۆناغەکانی بنکەی خوێندنی خێرا و ئامادەیی پیشەیی و باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتی (٩-١) کەمترین رووبەری پشتێنەی کاریگەریان هەیە لە شارەکەدا بە (٣١,٣٪، ٢٨,٦٨٪، ١٢,٣٦٪، ٩,٥٩٪) بەدوای یەکدا، لە کۆی رووبەری گشتی شارەکە، بەواتایەکی تر زۆرترین رووبەری شارەکە لە پشتێنەی کاریگەر بێبەشە بەرێژەی (٦٨,٧٪، ٧١,٣٢٪، ٨٧,٦٤٪، ٩٠,٤١٪) بەدوای یەکدا لەکۆی گشتی رووبەری شارەکە، ئەمەش وا دەکات ژمارەیەک گەڕەک بێبەش بن لە رووبەری خزمەتکراو بە خزمەتگوزارییەکە و کورتهێنان هەبێ بۆ نمونە لە قۆناغی باخچەی منداڵان گەڕەکەکانی ( دەرسیم و زمناکۆ و وارماوا و سیروان و سەرا و گوڵان) بەتەواوی بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە و بە هیچ شێوەیەک پشتێنەی خزمەتگوزاری نایانگرێتەوە، گەڕەکەکانی تریش بەشێکی کەمی رووبەرەکەیان پشتێنەی خزمەتگوزاری گرتوویەتیەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی باخچەی لە شارەکەدا.

## پێشنیارەکان :

١.راوێژکردن بە کەسانی پسپۆرو شارەزا لە بواری پلاندانی شار و خزمەتگوزارییەکانی، بەئامانجی دوورکەوتنەوە لە هەڵەو کەموکورتیەکان لەکاتی دەستنیشانکردنی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری، هەروەها بەهەند وەرگرتنی رێژەی گەشەی دانیشتوان و ئاراستەی فراوانبوونی شار لەگەڵ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی پلاندانان.

٢.گرنگیدان و بەهەند وەرگرتنی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەوەی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بەتایبەتی قۆناغی باخچەی منداڵان بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی پشتێنەی کاریگەر نایانگرێتەوە پێویستیان بە دامەزراندنی چەندین (باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە) نوێ هەیە، بە نموونە پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان بەهیچ شێوەیەک گەڕەکەکانی (سەرا و دەرسیم و زمناکۆ و گوڵان و وارماوا و سیروان) ناگرێتەوە بۆیە پێویستە گەڕەکەکانی ئاماژەپێدارو باخچەی منداڵانیان بۆ دابمەزرێ.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

### یەکەم: کتێب

١.عومەر، عەبدوڵلا عامر، (١٩٩٩)، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی(٣)، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢.محمد امین، هاوڕێ یاسین، (٢٠١١)، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی .

٣.مصطفی، فاطمە قادر، (٢٠٢٠)، جوگرافیای خزمەتگوزاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ.

### دووەم: چاپەمەنی و نوسراوە حکومییەکان

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١ .

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢١ - ٢٠٢٢.

٣.حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان بەپێی ناحیە و قەزا بۆ ساڵی ٢٠٢١ - ٢٠٣٠.

٤.لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥.لیژنەیەکی تایبەت لەوەزارەتی پەروەردە، سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان، هەولێر، ٢٠٠٩.

### سێیەم: ئەتڵەس

١.حداد، هاشم یاسین و سردار محمد عبدالرحمن، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان ، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب، ٢٠٠٩.

### سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

### یەکەم: کتێب

١.صفر، زين العابدين على،(٢٠١٥)، تخطيط المدن (أسس ومفاهيم وتطبيقات)، دار الوضاح للنشر – عمان/ الاردن.

٢.الهيتى، مازن عبدالرحمن، (٢٠١٣)، جغرافية الخدمات اسس والمفاهيم، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

### دووەم: گۆڤارە ئەکادیمییەکان:

٣.حسين، بيان على، (٢٠١٩)، تحديد نطاق تاثير المراكز الصحية فى مدينة السليمانية عام٢٠١٨ باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مجلة(زانکۆی سلێمانی) القسم B للدراسات الانسانية، العدد ٥٩، كانون الثانى.

سێیەم: نامە و تێزە زانکۆییەکان :

٤.سليم، هيوا صادق،(٢٠١٢)، التحليل الجغرافي لكفاءة المكانى للخدمات التعليمية في مدينة اربيل، اطروحة دكتوراه، غيرة منشورة، كلية


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

اداب، جامعة صلاح الدين، قسم الجغرافية،

٥.عبدالرحمن، ريدار نبيل، (٢٠١٤)، التحليل المكاني والوظيفى للخدمات الصحية فى محافضه دهوک، رسالة ماجيستير، غيرة منشورة، فاكلتي علوم الانسانية، جامعة دهوك، سكول الاداب ، قسم الجغرافية.

٦.وهاب، سروه دشتى، (٢٠٢٠)، الامكانيات الجغرافية للتنمية السياحية المستديمة في محافظة حلبجة، اطروحة دكتورا، غيرة منشورة، كلية آداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

**سەردانی مەیدانی:**

١.سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنجێی گەردوونی دامەزراوە فێرکارییەکان لە بەرواری ٢/١١/٢٠٢١ و٢٠٢٢/٢/٢٤-٢٣.

**پرۆگرامی کۆمپیوتەری:**

.Arc map Arc GIS 10.5.1